

# ژینگەی توندوتیژ نەوەی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە

**زۆرجار دەروونناس و کۆمەڵناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژینگەی پەروەردەیی کاریگەری زۆری لەسەر کەسایەتی تاک دەبێت، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە ژینگەی توندوتیژ نەوەی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، یان دەوترێ: شەق خۆرەکانی دوێنێ، شەق وەشێنەکانی ئەمڕۆن، بەڵام بۆ دەربازبوون لەو بازنە نەرێنییە و لە پێناوی پەروەردەی تەندروستی منداڵان دەبێت چ بکرێت؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

کۆمەڵناسێک:

**ئەگەر جۆرو شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ دروست نەبێت، گرفت بۆ خێزان و کۆمەڵگەش دروست دەکات**

### تایبەتمەندییەکانی کەسێتی لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەندا دروست دەبن

ئامارێکی یەکێتی گشتیی ئافرەتانی عەرەب لەساڵی ٢٠١٢ ئاشکرای دەکات کە زۆربەی ئەو پیاوانەی توندوتیژییان بەرامبەر بە هاوسەری خۆیان بەکار هێناوە، کەسانێکن کە لە سەردەمی منداڵی ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی بوونەتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتووە (٦٧٪)ی ئەو کەسانە بەرهەمی ژینگەیەکی توندوتیژی خێزانی بوون و تەنیا (٠٦٪)یان بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە توندوتیژییان بەکار هێناوە، ڕێژەیەکی بەچاویشی بە هۆکاری ئایینی و نامووس پەرستی بووە. گەرچی لە هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە ئامارێکی ورد و بابەتییانە نییە، بەڵام کۆمەڵناسان و دەروونناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە کوردستانیش توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی بەرامبەر بە منداڵ و ئافرەت ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەمای ترس و لێدان دەرەنجامی نەرێنی بۆ کەسایەتی منداڵەکە هەیە، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە ئەو منداڵەی ئەمڕۆ ژێردەستەیەکی ترسێندراوە، سبەی دەبێتە سەردارێکی توندوتیژ و ترسێنەر.

کاروان سەلیم وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان دەڵێت «توندوتیژی لە پەروەردەکردندا بریتییە لە بەکارهێنانی سزای جەستەیی و دەروونی، وەك لێدانی جەستەیی و بەکارهێنانی وشەی ناشایستە و ڕووخێنەر و گاڵتەپێکردن، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی کەسەکە». کاروان جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی لەپەروەردەکردنی منداڵ بەدیهێنانی گەشەیەکی تەواو و دروستە لە ڕووی جەستەیی و ژیری و ویژدانی لە چوارچێوەی خێزاندا، جا ئەگەر ئەو پەرەوەدەکردنە دروست نەبێت، ئەوکات گرفت بۆ خێزان و کۆمەڵگەش دروست دەکات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەو پیاوانەی ئەمڕۆ توندوتیژی دژ بە ژن و منداڵەکانیان بەکار دەهێنن، لەڕابردوودا کەسانێك بوون توندوتیژی لەدژیان بەکارهاتووە. وتیشی «ئەگەر ڕووپێوێك بکەین دەگەینە ئەو



ئەنجامەی کە ئەو کەسانە زیاتر لە گەڕەکە میللییەکان گەورە بوون کە هیچ نۆرمێکی رۆشنبیرییان نەبووە، واتا بەرهەمهاتووی کۆمەڵگەیەکی ناتەندروستن، هەمیشە زاناکانی دەروونناسی کۆکن لەسەر کاریگەری پەروەردە لە یەکەمین ساڵی تەمەنی منداڵ و هەندێکیان جەخت لەوە دەکەنە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەندا دروست دەبن».

**کۆمەڵگە نەریتییەکان زیاتر توندوتیژییان بەرهەم هێناوە**

شنۆ کەمال توێژەری دەروونی لەبنکەی هانا بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بێگومان هەموومان دەزانین کە توندوتیژی زیانی زۆری بۆ سەر لایەنی دەروونی منداڵ هەیەو کاریگەری سلبی لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دروست دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەتا ئێستا توندوتیژی هەر بەردەوامەوەو هەموومان هەستی پێدەکەین، وتیشی «کۆمەڵگە نەریتییەکان زیاتر توندوتیژییان بەرهەم هێناوە، چونکە لەبنەڕەتدا ناهۆشیاری پەروەردەیی هۆکاری بەکارهێنانی توندوتیژییە».

**توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی بەرامبەر بە منداڵ و ئافرەت ڕێژەیەکی بەرزی هەیە**

ڕۆژنامەنووس هودا خەلیل ڕایوایە توندوتیژی لەو بابەتە گرنگانەیە کە بۆتە مایەی گفتوگۆ لە پەروەردەی تازەدا، چونکە کاریگەرییەکی خراپی لە دروست بوون و پێگەیشتنی کەسێتی مرۆڤدا هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی شێواندن و ڕووخاندنی کەسێتی منداڵ، تاکی توندوتیژ بەرهەمهێنراوی کۆمەڵگەیەکی توندوتیژە .هودا زیاتر بابەتەکە شیدەکاتەوەو دەڵێت «لە کوردستانیش توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی بەرامبەر بە منداڵ و ئافرەت ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، بۆیە پێویستە کاری زۆری لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی تاکی ئێمە لە مەترسییەکانی ئەو توندوتیژییانە تێبگات، پێویستە تاک رابهێنرێت و بزانێت باشترین جۆری پەروەردەکردن تێگەیشتنە لەشێوازی بیرکردنەوەی منداڵەکەی و گۆڕینی بیرکردنەوەی خۆی لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی منداڵ و پێویستە چاودێری منداڵ بکرێ و سنووریشی بۆ دابنرێ، بەڵام نابێت هەست بەوە بکات کە سنووردار کراوە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «لێدانی منداڵ یەکێکە لەو ڕێگە هەڵانەی پەروەردەکردن کە هەمیشە ئاسەواری خراپ لەسەر تاك و ئایندەی جێدەهێڵێت و دەیکاتە تاکێکی توندوتیژ، گوتیشی «ئەو منداڵەی بە لێدان گەورەبێت، بێگومان هەر لێدان دەکاتەوە بە ئامرازی پەرەوەدەکردنی نەوەکانی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ناو کۆڵان و قوتابخانەش هەمان کار دەکات، بۆیە بەکارهێنانی توندوتیژی لەتەمەنی منداڵیدا دەبێتە هۆی پەکخستنی وزەو توانای ژیری و داهێنان و بیرکردنەوەی ئەو منداڵەو وای لێدەکات کە چیتر هیچ شتێك نەزانێت هێز و توندوتیژی نەبێت».

**پەروەردەی توندوتیژ کەسانی توندو دەمارگیر و دەمارگرژ بەرهەم دەهێنێت**

ئارەزوو ئەسعەد توێژەری دەروونییەو سەرەتا بە پێویستی دەزانێت باسی ئەوە بکات کە بەکارهێنانی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە تاك کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی کەسەکە، وتیشی «بێگومان منداڵێکیش کە تەمەنی بچووکەو رووبەڕووی توندوتیژی جۆربەجۆر بۆتەوە، بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ جەوروبەری دەکات، واتە ئەو منداڵە ئەگەر ببێتە باوك، ئەوییش بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ خێزانی خۆی و کۆمەڵگەش دەکات، شتێکی ڕوونە کەهەموو کەسێکی توندوتیژ بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی توندوتیژە، چونکە پەروەردەی توندوتیژ کەسانی توندو دەمارگیر و دەمارگرژ بەرهەم دەهێنێت».

**لە وڵاتانی پێشکەوتوو دیاردەی توندوتیژی بەیاسا کۆنترۆڵ کراوە**

ئارەزوو ڕایوایە وشەو گفتوگۆ دەبێتە کرۆکی سەرەکی پەیوەندی نێوان منداڵ و خێزانەکەی و بەهاکان گەوهەری گرنگ و بنەڕەتین و لە دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیانی تاك ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، بۆیە پێویستە بەها گرنکەکان لە مێشك و ڕەفتاری منداڵاندا بچەسپێنین. بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەین ببنە باشترین مرۆڤ، نەك ببنە ئەرك و گرفت بەسەر خێزان و کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە. گوتیشی «دەبێت هەوڵ بدەین ببنە ناوەڕۆك و عەقڵ و بەرهەمهێنەر، باوەشیان بۆ بکەینەوە نەك ببنە رواڵەت و بەکارهێنەر، دواتریش لێیان هەڵبێین، بێگومان تێڕوانینی منداڵ بۆ خودی خۆی لە تێڕوانینی کەسانی ترەوەیە، ئەگەر تێڕوانینمان تێڕوانینێکی بەکەم زانین و بێ توانا و لاواز بوو، بێگومان دەبێتە دروست بوونی هەستێکی خۆ بەکەم زانین لە ناخی منداڵدا و بە کارهێنانی توندوتیژی (جەستەیی و دەروونی) دەبێتە هۆی شێواندنی کەسێتی منداڵ و وادەکات دوور بێت لە بڕوابەخۆبوون و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن»، ئەوەشی بە «کوشتنی وزەو توانای رۆحی داهێنان» هەژمار کرد.

ئەو توێژەرە جەختی لەوەش کردەوە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دیاردەی توندوتیژی بەیاسا کۆنترۆڵ کراوە، توندوتیژی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا تەنیا لە ئەوانە دەردەکەوێت کە لەڕووی دەروونی یان عەقڵی، یان کۆمەڵایەتییەوە نەخۆشییان هەیە، بەڵام لە خۆرهەڵات بنەمایەکە و لە کۆمەڵگەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەداخەوە وەك بەشێك لە پەروەردە، یان راستکردنەوەی هەڵسوکەوت ئەنجام دەدرێت».

دەروونناسێک:

**ئەو منداڵەی ئەمڕۆ ژێردەستەیەکی ترسێندراوە، سبەی دەبێتە سەردارێکی توندوتیژ و ترسێنەر**

# کچانی کارمەند لەکاتی هاوسەرگیری مەرجیان بۆ دادەنرێ

**دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە وێڕای ئەوەی ئەرکێکی قورس و لێوانلێوە لە بەرپرسیارێتی، لەهەمان کاتیشدا بۆ ئافرەتان بوارێکی هەستیارەو زۆرجار لەبری دەستخۆشی و لەبەرچاوگرتنی ماندووبوونیان، کەندوکۆسپی زۆریان بۆ دروست دەکرێ، تەنانەت کچانی کارمەند لە کاتی هاوسەرگیری مەرجی وازهێنانی پیشەییان بۆ دادەنرێ، چالاکوانانیش بەپێویستی دەزانن، ئافرەتان لە میدیاکاندا پێگەی خۆیان بەرفراوانتر بکەن، ئەوەش بە هۆکارێک بۆ بەرگری زیاتر لە مافەکانی ئافرەت و کاری مەیدانی بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی ڕەگەزی هەژمار دەکەن.**

**ئافرەتێکی پۆلیس:**

**دەیان خوازبێنیم هەبووەو مەرجی سەرەکییان دەستبەرداری لە کارەکەم بووە بەڵام لەکارەکەم پەشیمان نیم و شانازیشی پێوە دەکەم**

**پیاوێکی پزیشک:**

**هەرگیز ئامادە نەبووم بۆ هاوسەرگیری بیر لە پزیشک و پەرستار بکەمەوە، چونکە ئەوان مانگی یەک دوو شەو لە نەخۆشخانە خەفەر دەبن، منیش ئەوەم قبووڵ نییە**

### ئێشکگری ئافرەتی پزیشك و پەرستار بەربەست بۆ هاوسەرگیرییان دروست دەكات

د. کامەران شەریف پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەم و ددان، لەگەڵ ئەوەی کەسایەتییەکی ئەکادیمییە، بەڵام نایشارێتەوە کە ئامادە نەبووە لەگەڵ پزیشك یان پەرستارێکی ئافرەت هاوسەرگیری بکات، هەر لەوبارەیەوە دەڵێت «بە حوکمی ئەوەی خۆم پزیشکم و ڕەوشی ئافرەتانی پزیشك و پەرستارم لە نزیکەوە بینیوە، هەرگیز ئامادە نەبووم بۆ هاوسەرگیری بیریان لێ بکەمەوە، چونکە ئەوان مانگی یەك دوو شەو لە نەخۆشخانە خەفەر دەبن، منیش ئەوەم قبووڵ نییە هاوسەری من خەفەریاتی هەبێت و شەو لە دەرەوەی ماڵ بمێنێتەوە، لەم دواییەدا کچێکی مامۆستام خواست هەرچەندە تووشی تانە و تەشەرەی زۆریش بووم و دەیانگوت پزیشکێکی دەست نەکەوتووە تاوەکو بیخوازێ، بەڵام بۆ خۆم وا ئاسوودەترم».

### ئافرەتانی پۆلیس کێشەی هاوسەرگیرییان زیاترە

مولازم بەناز عەبدوڵڵا کچێکی تەمەن ٣٢ ساڵە و لەسلکی پۆلیس کاردەکات، ئەو نایشارێتەوە بەهۆی پیشەکەی کەمتر کوڕان داوای هاوسەرگیری لێدەکەن، کەچی ئەو شانازی بە کارەکەی دەکات، وتیشی: هەرچەندە بەهۆی وەزیفەکەم هەلی کۆمەڵایەتی زۆرم لەدەستداوە، بەڵام لەکارەکەم پەشیمان نیم و شانازیشی پێوە دەکەم، چونکە کارکردن لەو بوارە بەشێکە لەخەباتی مەدەنی و هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانیش ئەوە دەخوازێ، لەڕابردووشدا دەیان خوازبێنیم هەبووە و مەرجی سەرەکیان دەستبەرداری کارەکەم بووە، تەنانەت ڕۆژێك کوڕە پورێکم هاتە لام و بە دەنگێکی پڕ بەبەزەیی پێی وتم من دەتخوازم بەڵام ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێ ژنەکەم مروور بێت و ڕۆژی دەیان شوفێر فیکەی بۆ لێبدات و تەعلیق بارانی بکەن».

### ڕاگەیاندن لە کوردستان نەبۆتە کارێکی پیشەیی و پرۆفیشناڵ و سەربەخۆ بۆیە بە نزمی سەیری دەکرێ

ڕاگەیاندنکار شەیدا جاف، ڕایوایە «ڕاگەیاندن لە کوردستان کارێکی پیشەیی نییەو تا ئێستا نەبۆتە کارێکی پرۆفیشناڵ و سەربەخۆ و وەك کەرتێکی تایبەت سەربەخۆیی نییە، بەڵکو پاشکۆی حزبییەو وەك دەزگایەیەکی تەواو حزبی وایە، کارێك ڕێسا و سەربەخۆیی نەبێت و ماف تیایدا نەپارێزرابێت و زیاتر مەحسوبییەت و هەڵبژاردەی شەخسی جێگەی یاسا و ڕێساکان بگرێتەوە و جێگەیەك بۆ پاراستن ماف نەبێت، ئەمەش هۆکاریکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بە نزمی سەیری بکرێ»، سەبارەت بەوەش کە ئافرەتی میدیاکار بۆ دەبێت ئەوەندە ئاریشە و کۆند و کۆسپی بۆ دروست بکرێ، کە تەنانەت لە کاتی هاوسەرگیری مەرجی وازهێنانی پیشەیی بۆ دابنرێ، شەیدا وتی «کۆمەڵگەی نەریتی نەك هەر بوار بە ئافرەتی میدیاکار نادات، بەڵکو کۆت و بەند و مەرجیشی بۆ دادەنێت، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە پیاوی ئەو کۆمەڵگەیە بڕیارێکی ئەوها بدات و مەرجی ئاوا دابنێت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ئافرەتە راگەیاندن کارانە کە وازهێنانە لەپیشەکەی».

### کچانی میدیاکار بەوپەڕی ئیمانەوە کارەکانیان رادەپەڕێنن

شنۆ میهرپەروەر میدیاکارێکی بە ئەزموونە و چەندین ساڵ وەك بێژەر و پێشکەشکاری هەواڵی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستان کاری کردووەو ماوەیەکە بە خێزانەوە ڕووی لە هەندەران کردووە. ئەو ئافرەتانی ماڵەوە لە فەرمانبەر و میداکاری ئافرەت جیا دەکاتەوەو دەڵێت «ژنێکی راگەیاندنکار، یان ئافرەتێکی فەرمانبەر و کارمەند جیاوازی زۆرە لەگەڵ ژنێکی ماڵەوە، چونکە ئەو تەواوی کاتەکەی بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی تەرخان دەکات، بەڵام ئافرەتێك کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکات، دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شان دەبێت، واتە هەم کاری ماڵەوە دەکات و هەم کاری دەرەوە، کە پێویستە بەشێکی زۆری کاتەکانیشی بۆ پێڕاگەیشتن بە پەروەردەی منداڵەکانی و هاوسەرەکەی تەرخان بکات».

شنۆ بەپێویستی دەزانێ کە هاوسەری ئەو ئافرەتانە ماندووبوونی هاوسەری خۆیان لەبەرچاو بگرن و درکی پێ بکەن و قەناعەت بەوە بێنن کە هاوسەرەکەیان لە خۆیان ماندووتر دەبێت، گەر ڕێزی ئەو ماندووبوونە بگرن، هیچ کێشەیەك لە نێوانیان دروست نابێت. وتیشی: کچانی میدیاکار ئەرکەکانیان بە کرچ و کاڵی ئەنجام نادەن، بەڵکو بەوپەڕی بڕواوە کارەکانیان رادەپەڕێنن، بۆشاییەکانی ماڵەوەش پڕ دەکەنەوە، واتە ئەو پارسەنگییەی کاری ماڵ و دەرەوەی ماڵ رادەگرن، بەردەوامێتی ئافرەت لە کاری دەرەوی ماڵ پێویستی بە لەخۆبردوویی هاوسەر و خێزانەکەی هەیە، ئەوەش بۆ ئاستی هوشیاری خێزان دەگەڕێتەوە کە تا چەند لەو ڕووەوە پێگەیشتوون».

پیاوی ڕۆژهەڵاتی حەزناکات هاوسەرەکەی لە پێش چاوان بێت

ڕۆژنامەنووس نەجات ئەحمەد، سەبارەت بە هەمان پرس ڕای خۆی



گوڵان: کۆمەڵایەتی

شنۆ مێهرپەروەر:

**بەردەوامی ئافرەت لە کاری دەرەوەی ماڵ پێویستی بە لەخۆبردوویی هاوسەر و خێزانەکەی هەیە**

دڵشاد هەرتەلی:

**ئەو پیاوانەی ئافرەتی کارمەند ناخوازن پەروەردەی ژینگەیەکە کە لە فەلسەفەی هاوسەرگیری تێنەگەیشتوون**

هەیەو سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەوانەی کاری ڕاگەیاندنەکان دەکەن و هەمیشە خەریکی گواستنەوەی ڕووداوەکانن، ماندووترین کەسەکانن چونکە شتێك نییە ناوی پشوو بێت، هەڵبەت مەبەستم میدیاکاری پیشەییە، واتە ئەوانەی کە کاتی زۆری ڕۆژانەیان بۆ کاری میدیایی تەخان دەکەن، نەك ئەوەی لە پاڵ کارێکی دیکە جاروبار ئیشێکی ڕاگەیاندن بکات، میدیاکاری پیشەیی بەردەوام ڕوومالی ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەکات، کاریان ڕاکە ڕاکەیە، ئەگەر ڕاگەیاندکارەکە ئافرەتان بن، ئەوان زۆر زیاتر لە قورسی کارەکە تێدەگەن، لەبەر ئەوەی ئەوان جگە لەوەی ڕۆژانە ماندوو دەبن، ئەوا ئەرکی ماڵەوەشیان لەسەرە و دەبێت مشووری ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن و پەروەردەی منداڵیشی هەبێت».

نەجات وتیشی «بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە لەبەر ئەوەی کچی ڕاگەیاندنکار بەهۆی پیشەکەیەوە زیاتر لە دەرەوەی ماڵەو لەبەر چاوانە، بۆیە زۆرجار لەکاتی هاوسەرگیری دوای وازهێنان لە پیشەکەی دەکرێ، هۆکارەکەشی زۆرن، لەوانە تا ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە کاری ڕاگەیاندن وەك پیشە بە شێوە تەندروستەکەی سەیر ناکات، بەقەد ئەوەی بەداخەوە زۆرجار بۆ مەرامی دیکە کاری لەسەر دەکرێت، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئافرەتی ڕاگەیاندنکار زۆر دەکەوێتە پێش چاوان و پیاوی ڕۆژهەڵاتیش حەزدەکات ئەوەی بەهاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوەندە لە پێش چاوان نەبێت، کۆمەڵگەی کوردیش تا ئێستا وەك پێویست لە پێگە ئافرەت و ئابووری سەربەخۆی ئافرەت تێنەگەیشتووە..

**خێزان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز بنیات دەنرێت**

بەڵام ڕۆژنامەنووس دڵشاد هەرتەلی، ئەو حاڵەتە بە ڕێژەیی دەزانێت و دەڵێت: هەموو پیاوان وابیر ناکەنەوە کە ئافرەتانی خاوەن کاری دەرەوەی ماڵ نەخوازن، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا، بەشێکی زۆری پیاوان بەهۆی گرانی ژیانەوە حەزدەکەن ئەو ئافرەتەی دەیخوازن بڕوانامەیەکی هەبێت و خاوەن کارێك بێت، بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لە بەڕێوەبردنی کارەکان و خەرجی ماڵەوە، چونکە لەم سەردەمەدا بەشێك لە پیاوان ناتوانن بەتەنیا خەرجی ماڵەوەیان پەیدابکەن، ئەگەر خێزانەکەی خاوەن دەوامێك نەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بەشێکی پیاوانیش ئافرەتانی خاوەن دەوامیان لاپەسەند نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە غیرەیان زۆرە، چونکە بەهۆی کارەکەیەوە ئەو ئافرەتە ڕۆژانە تێکەڵی زۆر پیاوان دەبێت و پیاوەکەشی حەز بەوە ناکات، هەندێکی دی حەزناکەن خێزانەکەیان دەوام بکات و دەیانەوێت خێزانەکەیان تەنها کاری ماڵەوە و خزمەتی پیاوەکەی بکات، ناتێگەیشتنی بەشێك لەپیاوان و کۆمەڵگەش هۆکارن، چونکە ئەو پیاوانەی وابیر دەکەنەوە ئەو ئافرەتانە نەخوازن، لە ژینگەیەك پەروەردە بوون کە وایکردووە لە فەلسەفەی هاوسەرگیری تێنەگەن و نەزانن خێزان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز بنیات دەنرێت نەك شتی تر.»

**پێویستە لەقۆناغی دایەنگە باخچەی ساوایان کار لەسەر دروستکردنی کچ بکەین**

هێمن فەرید توێژەری کۆمەڵایەتییەو سەبارەت بە هەمان پرس و مۆدێرن نەبوونی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان بۆچەند هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە، لەوانە: «تاوەکو ئێستا ئێمە کۆمەڵگەیەکی نەریتین و هەزمی گۆڕانکارییەکان ناکەین، تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش ئافرەتان لەناوەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی لاوەکیان پێدراوە، بەڵام خۆشبەختانە لەلایەن حکومەتەوە هەنگاوی جددی هەڵێندراوە بۆ باشترکردن و بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ئافرەت و لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکە قورسەی کە لەئەستۆی ئافرەتدایە، ڕاستییەکی ڕوونە ئافرەت لەدەرەوە شانبەشانی پیاو لە هەوڵ و تێکۆشاندایە کە دێتەوە ماڵەوەش لەیەك کاتدا دایك و هاوسەر و کەیبانووی ماڵە. گوتیشی «ئافرەتانیش بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی سەربەخۆ هاوشێوەی پیاوان پێویستیان بە کار و کۆشش هەیە، لەڕابردوودا وێڕای بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بەربەستی ئایینیش لەسەر میدیاکارانی ئافرەت هەبوو، کەچی ئێستا خۆشبەختانە لەکەناڵە ئیسلامییەکان ڕێژەیەکی زۆر لە میدیاکاری کچ بوونیان هەیە، پێویستە ئێمە لەدەستپێکی پەروەردەوە لەقۆناغی دایەنگە و باخچەی ساوایان کار لەسەر دروستکردنی کچ بکەین وەکو خۆی، بۆئەوەی کە گەورە بوو، نەبێتە ئامرازێك لەخزمەت ئەم و ئەودابێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی فەرامۆش بکات، وەك ئەوەی ئێستا کۆمەڵگە ڕایهێناوە، هەروەها پێویستە ئەو ناوەندو دەزگایانەی کە ئافرەت کاری تێدادەکات، گرنگی بە ئەرکەکانی ئافرەت بدات و ڤیستیڤاڵ سازبکات و خەڵاتی ڕێزلێنان ببەخشێتە چالاکوانانی ئافرەت، تاوەکو پرۆسەی کارکردنی ئافرەتان لەبوارە هەستیارەکان بەمۆدێرن بکرێت».



رۆژی ٢٠١٣\٥/٢١ لە گەڕەکی ئاری شاری هەولێر، باوکی شەوبۆ تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوەکە کچەکەی خۆی بەپشتێنێکی پیاوان بە پانکە هەڵواسیوە و خنکاوە.
بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ باوك و براکانی شەوبۆ و زانیارییەکانی پزیشکی دادی دەرکەوتووە کە باوکی کوژراو کاتژمێر سێی نیوەشەو هەستاوە بە کوشتنی کچەکەی بە ڕێگەی خنکاندن، بکوژ دانی بەوەدا ناوە کە کیژی خۆی خنکاندووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە کچەکەی لەگەڵ کوڕێك دیوە و ناسنامەی لە کوڕەکەش وەرگرتووە، بەپێی ماددەی ٢٤٠ فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو کوڕە دراوە، ئێستاش باوك و براکانی شەوبۆ بەپێی ماددەی ٤٠٦ دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوە لەکێشەکە بەردەوامە، شەوبۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ و کچی ماڵەوە بووە.

**تاوانی کوشتنی ئافرەتان زۆر جار شەرعییەت و هەماهەنگی کۆمەڵایەتیشی بەدواوەیە**

کۆمەڵناس دانا شەریف، سەبارەت بەو ڕووداوە دەڵێت «ئەگەرچی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بە دەستکەوتێك دەژمێردرا بۆ ژنان، بەڵام تا ئێستا ئەو یاسایە بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە، تاوان و دیاردەی کوشتنی کچان و ئافرەتان لە پشت پەردەی فەلسەفەی ئایینێکەوە ئەنجام دەدرێت کە زۆرجار شەرعییەت و هەماهەنگی کۆمەڵایەتیشی بەدواوەیە، سەرچاوەی ئەم شەرعییەتە لە ڕاستیدا ناگەڕێتەوە بۆ ئایین، بەڵکو تاوان بەرابەر بە ئافرەت ڕەگ و ڕیشەکەی لەو کەلتوورە عەرەبییە جاهلییە سەرهەڵدەدات کە ئایینی ئیسلام بەو هەموو هێزەوە نەیتوانی خۆی لێ پاك بکاتەوە، لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا، پەروەردەی کۆمەڵایەتی کوردی گوزارشت لە فەرهەنگێك دەکات کە پڕە لە فەرمان و بڕیار، کە پیاو بە شێوازێکی توند بەسەر ڕەگەزی مێدا دەیسەپێنێ، دەسەڵاتیش تا ئێستا وەك مرۆڤێکی کارا و خاوەن پێگەیەکی تایبەت نەیتوانیوە باوەڕ بە مافەکانی ئافرەت بهێنێت، بەڵکو دەسەڵات زۆر جار ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە مانەوەی هزری پیاوسالاری و بیری خێڵەکی نەك پەنابردن بۆ یاسا».

دانا شەریف جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەت لەم هەرێمەدا لە بار و دۆخێکی خراپدا دەژی، گوتیشی «کچی گەنجی ئێمە لە ژێر فشاردایە، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەگەزی مێینەیە نەك هۆیەکی تر. پیاوسالاری هۆکاری ئەوەیە ئافرەت لەم وڵاتەدا دەستەمۆ بێت. کەلتووری توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیش سێ پاڵنەری سەرەکی هەیە، کە بریتین لە دابونەریت و نۆڕم و بەهای کۆمەڵایەتی کە لە عەقڵییەتی کۆنەخوازی خزاوەتە نێو کایەکانی ژیانمانەوە، فاکتەرێکی دیکەی گرنگ لەم بوارەدا بریتییە لە پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتی، کە ئەو پەروەردە سەقەتە، کەلتووری نێرسالاری کردۆتە نەریتێکی باو و بەسەر مێینەکانیدا دەسەپێنێ. بە شەرعیکردن و بە فەرمیکردنی کۆمەڵگەی نێرسالاری، هێز و تواناو دەسەڵات

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# بۆچی باوک و برا سیناریۆی خۆکوشتن بۆ کچ و خوشکی خۆیان دروست دەکەن؟

**سەربارى بوونى چەند برگەیەكى یاسایى دژى توندوتیژیى بەرانبەر بە مێینە و بوونى چەندان ڕێكخراوى ئافرەتان، بەڵام ڕۆژ لە دواى ڕۆژ كوشتن و توندتیژیى بەرامبەر بە ئافرەتان زیاتر دەبێت، تەنانەت هەندێكجار دواى كوشتنیان سیناریۆى خۆكوشتنى بۆ دروست دەكەن، بەڵام وردبینى پزیشكى دادوەرى و لێكۆڵینەوەى بابەتییانەى پۆلیس پیلانەكان ئاشكرا دەكات.**

دەداتە دەســـت نێر و دەسەڵات و هێز لە ئافرەت دەستێنێتەوە، لە دەرەنجامدا ئافرەت دەبێتە سێبەر و كۆیلە، نێر دەبێتە بكەر و مـــێ دەبێتە وەرگر و جێبەجێـــكارى فەرمان و بڕیارەكانى نێـــر، تەنانەت لە وتارى ئایینیشـــدا جوداخـــوازى ڕەگەزى میراتییەكە و سەدان ساڵە ماوەتەوە، لەهەموو ئەوانە گرنگتر نەخوێندنى كچ كارەســـات دروســـت دەكات، دیسان بەهۆى پیاوســـالارى ڕێگرى لەخوێندنى كچان دەكرێت و لە كونجىماڵەوە زیندانیان دەكەن و چاوبەست دەكرێن، بەپێى ئەزموونى كاركردنم لەم بوارەدا ئەو كچ و ئافرەتانەى كە تووشى گرفتى لەم شـــێوەیە دەبنەوە، ئاســـتى خوێندن و هۆشیاریان زۆر نزم بووەو زیاتریان كەسانێكى نەخوێندەوار بوون».

**ئیسلام بەهیچ شێوەیەك هانى ژنكوشتنى نەداوە**

مامۆستا مەلا ســـەید عەبدوڵڵا عەبدولقادر پێشنوێژ و وتار خوێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «زۆرجار بیستوومانە ئافرەت كوژراوە لەســـەر بوونى ژمارەى تەلەفۆنێك لەســـەر مۆبایلەكـــەى، یان لەبـــەر تەنها بینینى لەگەڵ كەســـێك، یـــان لەبەر گومانێك، بەڵام لە شـــەرعى ئیســـلام حوكمى زینا دانراوەو ئەوەش ڕوون كراوەتەوە كە چۆن دەســـەلمێندرێ كەســـێك زیناى كردووە، تاوەكو حوكمەكەى لەسەر جێبەجێ بكرێ، یەكەم دەبێت خۆیان (پیاو یان ئافرەت) دان بەو تاوانە بنێن، یانیش چوار كەســـى عادل شاهێدى بدا لە سەریان كە بینیوویانە بە چاوى خۆیان زینایـــان كردووە، یان ئافرەتەكە دووگیان ببێ، نەك ئەوەى تەنهـــا بڵێن لە ژوورێك بەیەكەوە بوون، یان لەســـەرجێگە بوون بە یەكەوە بەڕووتى، دەبێ ئیللا بینیبێتیـــان عەورەتى پیاوەكە چووبێتە عەورەتى ئافرەتەكەوە، ئەوجـــا ئەگەریش ئەوەش بوو، كەس بـــۆى نییە ئەو حوكمە جێبەجێ بكات، تەنها سەرۆكى وڵات، یان قازى كە جێگرى ئەوە حوكم دەدات، نەك پیاو ژنى خۆى بكوژێ، برا خوشكى خۆى بكوژێ، باوك كچى خۆى بكوژێ، با بچینە خزمەتى ئایەتى قورئانى پیرۆز كە چەندین شت ڕوون ببێتەوە.

[ وَالَّذِيـــنَ يَرْمُـــونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُـــهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُـــمْ ثَمَانِينَ جَلْـــدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَـــهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِـــكَ هُـــمُ الْفَاسِـــقُونَ (٤) إِلَّا الَّذِينَ تَابُـــوا مِنْ بَعْدِ ذَلِـــكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُـــورٌ رَحِيمٌ (٥) وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُـــهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِـــمْ أَرْبَـــعُ شَـــهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّـــهُ لَمِـــنَ الصَّادِقِينَ (٦) وَالْخَامِسَـــةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٧) وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (٨) وَالْخَامِسَـــةَ أَنَّ غَضَـــبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٩) ] النور. بەداخەوە خەڵكانێك تۆمەت بۆ ئیســـلام هەڵدەبەســـتن كە گوایە هانى ژن كوشتنى داوە ئەوە تۆمەتێكى بەتاڵەو هیچ پەیوەندى بە ئیسلامەوە نییە، ئیسلام بەهیچ شێوەیەك هانى ژنكوشتنى نەداوە، ئەگەر موسڵمانێك لەخوا نەترســـا و تاوانى كوشـــتنى ئافرەتى ئەنجام دا، دەبێ حكومەت تۆڵەى لێبسێنێتەوەو بیكاتە عیبرەت و ڕێ لەو كارە بگـــرێ، هەروەها تاوانى زینا بۆ ئافرەت و پیاو وەك یەك وایە هیچ جیاوازى نییە».



كۆمەڵناسێک:

**تاوان بەرامبەر بە ئافرەت ڕەگ و ڕیشەکەی لەو کەلتوورە عەرەبییە جاهلییەوە سەرهەڵدەدات کە ئایینی ئیسلام بەو هەموو هێزەوە نەیتوانی خۆی لێ پاک بکاتەوە**

مامۆستایەکی ئایینی:

**ئەگەر موسڵمانێک لەخوا نەترسا و تاوانی کوشتنی ئافرەتی ئەنجام دا، دەبێ حکومەت تۆڵەی لێبسێنێتەوەو بیکاتە عیبرەت و ڕێ لەو کارە بگرێ**